بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

ژمارەی بڕیار:١٨

مێژووی بڕیار: ١٩٩٧/٩/٢٣

## بڕیار

بەپێی حوکمەکانی برگەی (١و٤)ی مادەی (٥٦) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢داو، لەسەر داخوازی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی رۆژی ١٩٩٧/٩/٢٣ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

١ـ کێشانەوەی متمانە لە هەردوو ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران، بەڕێزان عبدالغنی طه محمد وەزیری هەرێم و محمد احمد بازیانی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٢ـ لەسەر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێویستە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات.

٣ـ ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت

جوهر نامق سالم
سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستان ـ عێراق

### هۆیەکانی دەرکردنی ئەم بڕیارە:

لەبەر ئەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی لەم دواییەدا بەشداری لە حکومەتە ناشەرعییەکەی لە سلێمانیدا کردووە، لە کاتێکدا بەشداریشە لە حکومەتە شەرعی و رەواکەی هەرێمی کوردستان کە برواو متمانەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراقی پێدراوە، وە کە سەرەتای یاسایی دروست رێگە بە کۆکردنەوەی رەواو ناڕەوا (شەرعی و ناشەرعی) پێکەوە نادات، بۆیەکا ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەرکردنی ئەم بڕیارەی پەسەند کرد.